# ئەو شەوەی دنیا بەرویدا پێدەکەنی ئەم دەگریا



چیرۆکە هەواڵ

**حەقیقەتێکی**

**خەون ئامێز**

**لە شەوێکی**

**باراناویدا**

عومەر کەریم بەرزنجی

لە بەردەم تریفەی روخساریدا لە ئەستێرەی چاوەکانی دەڕوانی, ئەو چاوانەی لە دەریایەکی هێمن دەچوو, ئەو دەمەی لە ئامێزی دەگرت و ئاوێزانی یەکتر دەبوون, بۆنی سنگ و بەرۆکی شێت و سەرمەستی دەکرد, بەلێوە تینووەکانی نەرمایی گوێکانی دەلستەوەو دەستی لە سنگ و کەفەڵی‌دا لە جوڵەیەکی سەرشێتانەدا بوون, وەك بییەوێت تەنانەت خانەیەکیش بێبەش نەبێت لە لەزەتی ئەم ئاوێزان بوونە بەردەوام دەستی بەسەر جەستەی گەرم و گوڕو نەرم و شلیدا دەهێنا و دەی چرپاند بەگوێی دا جگە لە بەهەشتی ئامێزی تۆ ئەی جوانترین ژنی دنیا, ئەی فریشتەی خەونەکانم مەحاڵە پەپولەی دڵم لەسەر پەڕەی هیچ گوڵێکی ناسك هەڵنیشێ...کەشتی حەزو خەونەکانم تەنها لە ئامێزی تۆدا لەنگەر دەگرێ.

هەمیشە دەکەوتە ژێر کاریگەری ئەفسوونی ئەو وشانەو لەئاست ئەو گومانانەدا بێدەنگ دەبوو, گومانی ئەوەی بەڵێنەکانی بەرێتە سەروو بچنە نێو کەژاوەی ژیانی هاوسەرییەوە, ئەگەرچی هەرجارێك لەو بارەیەوە پرسیاری لێ بکردایە بەجۆرێك قسەی بۆ دەکرد قەناعەتی دەکردوو تەمی گومان و دوو دڵی دەڕەوییەوە, وەلێ پاش کەمێك گومان و دوودڵی ناخی داگیردەکردەوە, ئەوێك هیچ هەنگاوێك نەدەهاتە پێشەوە بەمەبەستی داخوازی و پێك هێنانی ژیانی هاوسەری و رۆژ بە رۆژیش زیاتر ئاوێزانی یەکتر دەبوون,(ش) ئەگەرچی ملکەچی حەزوو ئارەزووەکانی ببوو بەڵام نیگەرانییەکانی و ترسان لە ئاینده, تەمێك بوون مەحاڵبوو بڕەوێتەوە(ش) بەردەوام داوای لە(د) دەکرد بنێرێتە داوای و خێزانێکی خنجیلە پێك بهێنن(د) هەرجارەو پاساوێکی دەهێنایەوە, تا لە نیوەڕۆیەکی هاوین دا کە زۆربەی خەڵك لە ئامێزی خەوێکی شیریندا بوون, (د) و(ش) وەکو پیشەی جارانیان لەسەربانی ماڵی (ش) ئاوێزانی یەکتر ببوون و سەرگەرمی دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی یەکتربوون, لەناکاو دەنگێکی بەرزو گڕ ڕای چڵەکاندن دەنگی(ە)ی باوکی(ش) لەگەڵ بیستنی هاوارەکەدا(د) بەپڕتاو خۆی کۆکردەوەو بەسەربانی ماڵەکانی هاوسێی ماڵی(ش)دا هەڵهات (ە) پرچە خورماییەکانی(ش)ی لە دەستی ئاڵاندوو بەقادرمەکاندا رایکێشایە خوارەوە و لە ژێر ڕەحمەتی شەق و پێلەقەکانیدا نیوە گیان ببوو دایکی بەترس و لەرزەوە لەژێر چەپۆکیدا دەری هێناو بەدەم گریان و پاڕانەوەوە دەیگوت(ئەم کچە بەسەزمانە بۆچی دەکوژیت بۆ... چی کردووە)(ە) بەتوڕەییەوە دەیگوت (چی ماوە بیکات هەتیوێکی هێناوەو لەسەربانی ماڵەکەی خۆمدا چۆتە باوەشی, لەوە خراپتر چی ماوە بیکات) بەدەم بۆڵە بۆڵەوە چووە دەرەوە و سوار ئۆتۆمبێلەکەی بوو, چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون, بەرەو ماڵی مامی(د)ئۆتۆمبیلەکەی دەئاژوو, لەبەردەم ماڵی(ف) دا ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و بەشەق بەربووە وێزەی دەرگای ماڵەکەیان(ف) لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا و بەبینینی دیمەنی شێواوو شپرزەی(ە) تووشی سەرسوڕمان بوو, رووی تێکردوو وتی ها چیە بۆوا بەلەسە بویت(ە) بەتوڕەییەوە وتی(لە خۆت بپرسە,بزانە ئەو هەتیوە نمەك حەرامەی برازات چی بەرانبەرمان کردووە,گوێ بگرە لەماوەی دوو رۆژدا پیاوانە نەیەنە بەرەوە((د)) رەوانەی گۆڕستان دەکەم و ((ش))ی‌ش

سەردەبرم و فرێی دەدەمە بەردەم سەگ و جرو جانەوەرەکان, خۆ ئەگەر برازای تۆ نەبوایە یەکسەری دەمکوشت,بیرت نەچێت دووڕۆژ مۆڵەتەو بەس).

(ف) سەری لەو قسانەی هاورێکەی سورما, ئەوێك بەبێ ئەم پێکێکی نەدەخواردەوەو توخنی هیچ سۆزانییەك نەدەکەوت, لەبەر خۆیەوە دەیگوت:-(دەبێت((د)) چی کەتنێکی کردبێت, دەبێت چاوەکانی دەربێنم...هەزاری وەکو((د))دەکەم بەقوربانی((ه)) نا ناهێڵم ((د)) ببێتە مایەی گێروگرفت بۆی) بەپەلە جل و بەگی دەرەوەی لەبەرکردو خۆی گەیاندە ماڵی(د).



(د) لەگەڵ چاوی بەمامی کەوت کەوت بەسەر پێڵاوەکانیداو بەدەم پاڕانەوەوە داوای لێکرد,بچێتە داخوازی(ش) و لەو هەڵەیەی ببورن..(ف) دوو زلەی توندی سرەواندە بناگوێی(د) و پێی وت(ئەگەر لەبەر جوانەمەرگی کاکم نەدەبوو, ئابەم دەستانەی خۆم دەمکوشتیت).

هەر ئەوڕۆژە ریش سپیانی هەردوولا کۆبوونەوەو لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن(د)و(ش) زەماوەند بکەن و کۆتایی بەکێشەی نێوانیان بهێنن....هەردوو عاشق چوونە ژیانی هاوسەرییەوە, وەلێ بەردەوام(ش) نیگەران و بێزار بوو لەو ژیانە ئیدی(د) ئەو(د)ی جاران نەبوو کە بەسۆزەوە دەیلاواندو لە ئامێزی دەگرت,(ش) بەردەوام بێزی لە خۆی و ئەوجۆرە ژیانە دەهاتەوە, وەلێ لەبەر ڕابردووی تاڵی خۆی نەیدەتوانی بڕیاری جیابوونەوە بدات, چەند هاوڕێیەکی(د) بەردەوام لە هەوڵی دەستەمۆ کردنی(ش) دابوون,(ش) لەگەڵ ئەوەی لەو جۆرە ژیانە بێزار بوو بەڵام ملکەچی داواکاری هاورێکانی مێردەکەی نەدەبوو, ئەوانیش کۆڵیان نەدەدا, ئەو کاتانەی(د) لەماڵ نەدەبوو هەرجارەو بیان و پاساوێکیان دەهێنایەوە و دەهاتنە ماڵەکەی, ئەمیش بەردەوام بەدەست کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنییەوە لە لایەن مێردەکەیەوە دەیناڵاند, بەیانییەکی زوو دوابەدوای ئەوەی(د) ڕۆیشتە سەرکارەکەی دوان لە هاورێکانی خۆیان کرد بە ماڵەکەیدا,(ش) لە ژووری نوستنەکەیان لەسەر سیسەمەکە ڕاکشابوو, هەردووکیان دوابەدوای یەك خۆیانکرد بەژوورداو کەوتنە پێداهەڵگوتن بەجوانی و ناسکی(ش)دا,پێیان دەوت, گوناه نییە تۆ ژنی ئەو هەتیوە بیت ئەوێك لە سەردەمی کچێنیتا هەرچییەکی لەگەڵ دەکردیت دەهات لای ئێمە باسی دەکرد, هەمیشە دەیگوت چاکم فریو داوە وادەزانێت دەیهێنم, خۆ ئەگەر باوکت پێی نەزانینایەو ناچاریان نەکردایە ئامادە نەدەبوو بوهێنێت, ئێستایش هەمیشە بەشوێن سۆزانیەکانەوەیەو لەبیری تۆدا نییە, هەر زوو کەوتە ژێر کاریگەری ئەو قسانەو ئامادەبوو ئەوان چییان پێخۆشە لەگەڵیاندا بیکات, لەو ڕۆژەوە(ش) ئامێزی بۆ برادەرەکانی مێردەکەی ئاوەڵاکرد و بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو پیاوی تر بناسێت و ئامێزی بۆیان واڵا کات.

(ش) بەردەوام دۆستەکانی لە زیاد بووندا بوون و وەك سۆزانییەك ناوبانگی دەرکردبوو, چەند جارێك باوکی گوێ بیستی ئەوە ببوو کە چەند هاورێیەکی دەستیان بۆ ماڵی(ش) ڕادەکێشاو باسیان دەکر, ئەو هاورێیانەی کە نەیان دەزانی کچی ئەمە...گومانی لە قسەی هاورێکانی دەکرد هەربۆیە کەوتە چاودێری ماڵەکەیان هەستی کرد, کەسانێکی زۆر دێن و دەچن ئەم نایان ناسێت, پرسیاری لە هاورێکانی کرد لە بارەیەوە, ئەوانیش بەسەر سوڕمانەوە پێیان گوت تۆیەك سۆزانی نییە لە شارەکەدا نەی ناسیت, چۆن ئەو ژنە ناسك و خرپنە ناناسیت ئێمە باوەڕ بەم قسانەی تۆ ناکەین.

لە شەوێکی باراناویدا, کە زۆربەی خەڵك لە ماڵەکانیاندا لە دەوری زۆپاکانیان دانیشتبوون و(د) لە دەوام بوو(ه) دەمانچەکەی دەکات بەبەرپشتێنەکەیداو خۆی دەگەیەنێتە ماڵی کچەکەی, لە سەر دیوارەکەوە خۆی هەڵدەداتە ناو حەوشەکەو خۆی دەکات بەژووری نوستندا

هیچ کەس نابینێت, جگە لە تەوالێت و حەمامەکە هەموو ژورەکان دەپشکنێت کەسی بەرچاو ناکەوێ, لە حەمامەکەدا گوێی لە خورەی ئاو دەبێت لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە ناو حەمامەکە( ش )دەبینێت خۆی دەشۆرێت, خۆی دەکات بە ژووردا( ش ) بە پڕتاو خاولیەکەی لەخۆیەوە دەپێچێت و بەڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەوە لە دەمانچەکەی دەستی باوکی دەڕوانێت, لە ترسانا دەکەوێتە لەرزین و خاولییەکەی لێ دەکەوێتە خوارەوە( ه ) بەسەریدا هاواردەکات:-ئەمشەو دەتکوژم و کۆتایت پێ دێنم کچی سەگ تۆ ئابڕومانت بردووە تێگەیشتیت.

( ش ) سەری دادەخاو دەکەوێتە پاڕانەوە کە نەیکوژێت( ه ) چاوی دەبڕێتە سنگ و مەمك و کەڤەڵی( ش )و پاش تێڕامان و سەرنجێکی ورد شێت و شەیدای دەبێت و دەڵێت:-باشە ناتکوژم,بەڵام.

( ش )دەڵێ:-بەڵامی چی بەس مەم کوژە باوکە گیان لەقسەت دەرناچم.

( ه )دەڵێ:-ناتکوژم بەڵام دەبێ لەگەڵما ڕابوێری.

( ش ) بەدەنگێکی لەرزۆك و ترس و لەرزەوە دەڵێ:-بە لام تۆ باوك...م...ی...ت.....

پێش ئەوەی قسەکانی تەواو کات باوەشی پێدا دەکات و دەیباتە ژووری نوستن و لەسەر سیسەمەکە پاڵی دەخاو ئاوێزانی دەبێت, تا دەمەو بەیانی جێی ناهێڵێت ئەو شەوە دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروست بوونی پەیوەندییەکی بەردەوام,( ش ) دوای چەند مانگێك تووشی دڵ تێکەڵ هەڵهاتن دێت و نیشانەکانی دووگیانی تێدا دەردەکەوێت, لەگەڵ ئەوەیشدا تووشی دڵەڕاوکێ دەبێو باری دەروونی بەرەو نالەباری دەچێت( ش ) پێشتر لەوە دڵنیا دەبێت کە هاوسەرەکەی توانای وەچە خستنەوەی نیەو نەزۆکە, چونکە لەدوای تێپەڕینی ساڵێك بەسەر ژیانی هاوسەرییاندا, دکتۆر نەما پەنای بۆ نەبات وەلێ دوای سەردانی چەندین دکتۆری بەناوبانگ نائومێد بوو لەوەی چارەسەری نەزۆکییەکەی بکرێت( ش ) بەردەوام لەبیرکردنەوەی ئەوەدابوو چۆن ئەوبارە گرانە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە, بەرلەوەی منالەکەی لەباربەرێت( د ) هەستبە نائاساییبونی( ش ) دەکات و دەزانێت تێکچووە: بەڵام( ش ) دەیەوێت خۆی لە( د ) دورخاتەوە تا بەوبارودۆخەی نەزانێت وەلێ( د ) قژە خورماییەکەی( ش ) دەگرێو بەڕاکێشان دەیباتە چێشتخانەکەوەو چەقۆیەکی تیژی گەورە دەگرێت بەدەستیەوە دەڵێت:-راستم پێبڵێ چۆن و لەکێ دووگیان بویت خۆت چاك دەزانی من توانای منال خستنەوەم نییە, ڕاستبڕۆ ئەگینا هەرلێرەدا سەرت دەبڕم.

( ه )دەڵێ:-ناتکوژم بەڵام دەبێ لەگەڵما ڕابوێری.
( ش ) بەدەنگێکی لەرزۆك و ترس و لەرزەوە دەڵێ:-
بەڵام تۆ باوك...م...ی...ت.....

( ش )بەگریانەوە بەسەرهاتی خۆی و باوکی بۆ( د ) دەگێڕێتەوە,( د ) چەندجارێك چاوەکانی هەڵدەگلۆفێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێ:-خوایە ئەمە خەودەبینم یان ئەمە ڕاستییە: چەندجارێك لەبەرخۆیەوە وادەڵێت و لەماڵ دێتە دەرەوە و ئیدی ناگەڕێتەوە, سەری خۆی هەڵدەگرێ بەرەو هاندەران وەلێ لە سنوری ئێران_تورکیا دەکەوێتە بۆسەوەو دەکوژرێت,( ه )یش کاتێك لە بڵاو بونەوەی هەواڵی پەیوەندی خۆی و کچەکەی دڵنیا دەبێت سەری خۆی هەڵدەگرێ و هیچ کەسێك سەروو سۆراخی نازانێ و وندەبێت: ( ش ) دوای ساڵێك دەچێتە یەکێك لە گەڕەکە چەپەکەکانی شار و لە جێگەیەکدا نیشتەجێ دەبێت, پاش چەند مانگێك تێپەڕبوون بەسەر نیشتەجێ بونیدا لەو گەڕەکە زەماوەند دەکاو دەچێتە ژیانی هاوسەرییەوە, لە ئامێزی پڕلە سۆزو میهرەبانی ئەم هاوسەرەیدا کەمێك باری شانی سوك دەبێ و تاڵی و ناخۆشییەکانی ڕابردووی بیر دەچێتەوە و دوای شەش مانگ دووگیان دەبێت وەلێ بەرلەوەی بەتەواوی بحەسێتەوە , لە وەختی منداڵ بووندا و لەو دەمەیدا منالەکەی دێتە ئەم ژیانەوە( ش ) منالەکەی لە باوەش دەگرێت و چەندجارێك ماچی دەکات دوای چەندساتێك چاوە شینەکانی لێك دەنێت, ئەومنالەی دێتەدنیاوە ناوی دەنێن هیوا.

سلێمانی 2004/11/25